


# گۆرانی و نۆتە

ئامادەکردنی: ئەنوەر قەرەداغی



## گەڕان

٧

ئاوازی کۆن

هۆنراوەی: گۆران

نوسینەوەی: ئەنوەر قەرەداغی

گۆرانی: عومەر دزەیی

چەندی گەڕام لە شاران
نەم دی کەس وەك تۆ جوان بێ
کیژۆڵە نەشمیلانەکەی جاران
چۆن دەبێ نێوا نمان وابێ
بەیادی سەیرانەکەی نێو باخان
بریندارم.. بریندار

* * *

ئێستاش مەیلم هەر ماوە
دڵ یەکەو نەگۆڕاوە
ئێستاش دەنگدانەوەی چرپەی جوانی
لە گوێما وەکو خۆی ماوە
بە یادی هەموو شوێنێکی جوانی
بریندارم.. بریندار

* * *

دێتەوە بیرت گیانە
چاوچاوانەی سەربانی
دەستلەملانی بن دیواران گیانە
ماچ و موچی ئێوارەی سەرکانی
بە یادی ئەو هەموو جێیە جوانە
بریندارم.. بریدار